www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:34 2-10-2006

# کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی یاخود قسەی سەر تەنور ... بەختیار سەعید



دوای ئەوەی وەزیری کارو باری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە کونفرانسێکدا دوای مشت و مڕێکی زۆر شەهیدانی هەڵەبجەی بە سوتفە لە قەڵەمدا، لە لایەن کاک کامیل بەرپرسی ڕێکخراوی بەرگریکردن لە کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە بابەتەکەی لە کوردستان راپورت و رادیوی نەوا وروژاند منیش بە سوتفە گوێ بیستی ئەم بابەتە بوم، بەڵام باوەر بکەن لە یەکەم روژەوە من دەمزانی ئەم خانمە ئاستی رۆشنبیری کامل نیە، بەڵێ دەمزانی نەک ئەم هەڵەیە دەیان هەڵەی تریش دەکات، چونکە ئەگەر خە ڵکی پێیان وابێت ئەمە یەکەم هەڵەیەتی نەخێر ئەمە سێیەم هەڵەیەو سوتفەیەتی کە تێی کەووتوە.

هەڵەی یەکەمی ئەوەبوو کەپاش دوو هەفتە لە دەست بەکار بونی لە ریگەی کارمەندێکی دەزگای شەهیدەوە وتبوی ئاگاداری شوان کوڤلی سەرۆکی دەزگای شەهید بکەن بۆ لێرەیە ناچیتەوە ماڵەوە، خەڵکینە کەس و کاری شەهیدان ئەو مروڤە تێکۆشەر و پێشمەرگە دێرینەی رێبازی پارتی و بارزانی کەلە سەر فەرمانی راستەوخۆی بەرێز مسعود بارزانی سەروکی کوردستان ئەو پۆستەیەی پێ درابوو ئەم خانمە بەرێزە بەم جورە رەفتاری لەگەڵ ئەم تێکوشەرەدا کرد، نەک هەرئەمە بەڵکو بەریوە بەرە گشتییەکەشی کە خاوەنی دوو شەهید بوو اجباری کرد کە داوای مۆڵەت بکات و بڕواتەوە ماڵەوە، لە جیاتی ئەمانە چەند کەسێکی داناوە بە راوێژکارو بەریوەبەری گشتی دیوان کە یەکیان خوی سەدام چوەتە ماڵیان، ئەمە سوتفە بوو یان پیلان بوو دژی تێکۆشەرانی رێبازی پارتی، گوڵم سەیرە !!!!!

سوتفەی دووەمی ئەم خانمە وەزیرە ئەوەبوو پاش بوونی بەوەزیر لەیەکەم بەرنامەی تەلەفزیونیدا گوتبوی نابێت منداڵ و قوتابیانی شەهیدان قبوڵ خاسیان بۆ بکرێت، بە داخەوە خۆی لەبیر کردبوو کە لەکاتی خۆی بە قبوڵ وەرگیرابوو، بروانن هەمو شتێک بۆ خۆی حەلالە، بە لاٌم بو خە ڵکی حەرامە، ئەگەر لە بەر خاتری شەهیدی سەرکردە ماموستا سەعد نەبێت جەنابت بە سوتفە نەدەکرایتە پەرلەمانتارو هەر بە سوتفە نەدەکرایتە وەزیرو بە سوتفەش غەدرت لە شەهیدانی هەڵەبجە نەدەکرد، ئەز باوەری تەواوم هەبوو کە لە ئاستی ئەم پوستە پیروززەدا نیت، چونکە لە کاتێکدا دادگای سەدام دەکرا لە سەر ئەنفالەکان تو ئالاٌی کوردستان لە سەر بینای وەزارەتەکەت نەبوو تاکو ئەز لە روژنامەی هەولێر پۆست باسم نەکردبوو هەر لەبیری ئالاٌدانەبوون دوای رۆژ پاش وتارەکەی من ئالاٌتان بەرز کردەوە>

پیشینان راستیان وتووە ئەوەی زۆر بلێت هەڵەش دەکات توشی سوتفە دەبێت، خوێندنەوەم بۆ کۆنگرە روژنامەوانییەکەت کە لە قسەی سەر تەنور دەچوو رەنگە پەشوکابوو شڵەژابوو رستەکان لە یەک نەدەچون بە ئاستێک تێک چووبووی باسی پارەی دەبەیەک بەنزینت دەکرد کە کریوتە بو ئۆتۆمۆبیلی ریکخراوێک کە بەرگری لە کەس و کاری شەهیدان دەکات ئەی بۆ باسی پاقلاوە ی ابو عسیف کە رۆژانە بۆ خۆت و راوێژکارەکانت دێت، ئەی باسی ئەوە بۆ ناکەیت رۆژانە داوای فەرش و موکیت مێزو قەنەفەو کوبی نسکافە بۆ ژوورەکەت ناکەی کە بەردەوام دەستە دەستە دەیگوڕی. دەبوو ئەو روژە کەس و کاری شەهیدان لە تۆ بگەیشتنایە کە لە رووپێوی روژنامەیەکدا بە زردەخەنەیەکەوە گوتبوت 4. 000. 000 چوار ملیون دینار موچەکەمەو بەشم ناکات خۆزگە چارەکی ئەو مەسروفاتەی بۆ هەیبەتی خۆت سەرفی

دەکەی بۆ خزمەتی قوتابیانی سەروەران ببایە کە 103 قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی لە ژورێکدان، دەتوانی سەردانی قوتابخانەی گەرەکی سەروەران بکەی لە نزیکەوە ماموستا کارزان ببینیت.

ناچارم ئەگەر بە سوتفەش بێت ئەم راستییانە بەکەس و کاری شەهیدان بڵێم، چونکە لە کونگرەکەدا 10 من و 10 خوم و 10 خاوەنی شەهیدمت بە کار هێناوە لە جیاتی داوای لێبوردن بکەی دییت لە کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە کەچی داوات کردوە داوای لێبوردنت لێ بکرێت تۆ بۆ حاشا لە راستیەک دەکەی کەنەمردوە دەشلێیت لە یەک تێنەگەیشتن بوە نازانین 5. 000 هەزار شەهید کەناسنانەی نەتەوەیەکە بو تۆیەکی ئەوەندە شارەزا هێشتا رون نیە کە شەهیدان یان بە سوتفە شەهید بون لە کاتێکدا ئەم زمانمە تێک ئالاوە کە سەدام دادگای دەکرێت نەگبەتی ئەم میللەتە لە بەر دەستی تۆیە، ئەم هەڵانە ئەوەندە لە خزمەتی سەدام دایە لە خزمەتی شەهیدان دا نیە شانازییە بۆ بەندە و ئەوانەی وەک من بیردەکەنەوە لە خزمەتی کەسو کاری شەهیدانی هە ڵەبجەین دژ بە سەنگەری هەڵەو سوتفەی گەورە زەللە لسان خوایە پەنامان بەیت لە زەللەی لسان و هەڵەی داهاتوو، زۆر دەترسم لە سایەی هیمەتی خانمە وەزیر شەهیدان تاوانباربن دادگاییەکە سەدام بیباتەوە، توخوا هەموو بڵێن خوانەکا.